وەزیری ناوخۆ گەیشتە نەجەفی پیرۆز

ئەمڕۆ شەممە"عەبدولئەمیر شەمەری"وەزیری ناوخۆ، بەمەبەستی ئاگاداربون لە ڕێکارە ئەمنیەکان لەبارەی پرسی هەڵبژاردن گەیشتە پارێزگاری نەجەفی پیرۆز . وەزارەتی ناوخۆ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- ئەمشەو "شەمەری " گەیشتە پارێزگاری نەجەف، بۆ بەدواداچون بەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارام بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردە ئەمنییەکان بەشی بەرپرسیارەتی فوراتی ناوەڕاست.

وەک لە بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- وەزیر ناوخۆ لەلایەن پارێزگاری نەجەفی پیرۆز و ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەران پێشوازی لێکرا.